# سێداره و سەدام، عێراقی نوێی و موفتەدا

ئیبراهیم ئیسماعیل عەباس

لەبەر تێی نەگەیشتن و خۆێندنەوه و پێشبینی نەکردنێکی ڕاستەقینه، بڕیارمدا بوو لەئێستادا هیچ وتار و نووسینێک لەسەر لەسێدارەدانی سەددام حوسێن، نەنووسم. ئاخر سیناریۆیەکان هێنده بەناڕۆشنی.. هێنده بەخێرایی.. هێنده پڕ لەپێچ و بادانەوه، لەسەر پەلەکردنی لەسێدارەدانی سەددام، وەرسوڕانەوه، پێموابوو: هەر بۆچوون و وتار و نووسینێک لەئاڕاستەیەکی دژبەیەکی ئاوادا، ڕەنگه لەهەڵە تا لەڕاستییەوه نزیک بن!!.

جیا لەم بابەته و لەڕاستیشدا پەیبردن بەتێکڕای ڕووداو و پێشهاتەکانی ناوخۆی عێراق لەم گێژاوه سیاسییه و گۆمه خوێناویەدا، که خولانەوەی شەپۆلی ڕووکاره سیاسییەکان و قوڵی گۆمه خوێنەکان هێنده ئاڵوزکاو و قوڵ دێنه بەرچاو!!، ئاستەنگه مرۆڤ بتوانێ پەی بەڕاستی و ناڕاستی، یان تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەی وەکو خۆی ڕووداو و پێشهاتەکان بەرێت.

ساڵانێکه چاو و مێشک و دەروونمان، لەسەدان کەناڵی جیا جیاوه پڕکراوه به بەخشینەوەی مۆژدەی کۆتایی و ئاوابوونی دیکتاتۆری و هەڵاتن و لەدایکبوون و بەدیهاتنی عێراقی نوێی دوور لەدیکتاتۆری؟!، حکوومەت و حیزبه کوردییەکان زۆر لەپێش حکوومەتی شیعه باڵادەستەکانەوه، به مۆنۆپۆلی بازاڕ و شوێنه گستییەکان و ماشێنه گەورەکانی ڕاگەیاندنه جۆربەجۆرەکانیان بەبێی کۆتا.. درۆی عێراقی نوێیان دەرخواردداین!! مێشکمان شۆرایەوه بەریکلام بۆ عێراقێک بەڵام سەرەنجام دەرکەوت ئەو عێراقەش هەرچی بەهایی ئینسانی بێت، نەباوەڕی پێیەتی و نەئەگەر باوەڕیشی پێبێت پەیرەوی لێی دەکات!! لەڕاستیدا دەرکەوت کەئێمەی کورد بوینه زوڕناژەنێک لەپێناو وڵاتێکی هیچدا!؟

نەنگی و خەجاڵەتێکی گەورەیه بۆ دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی عێراق، کەدوای زەمەنێکی زۆری فەرمانڕەوایی، بەئیمکانیات و پارەیەکی خەیاڵی بۆ جێی بەجێیکردنی لەسێدارەدانی کەسێکی دەست و پێی بەستراوی تێکشکاو و لاقەکراو!!، پەنا بۆ چەند جەلادێکی سەربڕ و تاوانکاری وادەبات کەبەپەیرەو کردنی ڕێوڕەسمه ئاینییەکانی هاوشێوەی تیرۆرسته سەربڕەکانی لاکۆلانان سەددامی شایستەترین کەس بۆ لەسێدارەدان، بەداردادەکەن.

پەیڕەویکردن لەسروەته ئاینییەکانی ئاینزایەکی وەکو شیعه، لەکاتی لەسێدارەدانی سەددام، لەعێراقی نوێی بەناو دیموکڕاتی، پێش ئەوەی سوکایەتی بێت بەسەدام و سونته و تۆڵەکردنەوەی لێیان. سوکایەتییه بەو بانگەشه درۆیانەی بۆ سەربەخۆی دادگا و بەهێزی دامودەزگاکانی دەوڵەت دەکران، ئاخر گەر حکوومەتێک توانای ئیدارەدانی ڕێوڕەسمێکی لەسێدارەدانی تاوانبارێکی نەبێت؟!

ئەی ئەو حکومەتە چۆن؟وکەی؟دەتوانێت بەسەر کۆی بەناو تیرۆرستەکاندا زاڵ بێت؟!! و بەدیهێنەری ئارامی دەبێت.

ئەگەر ڕۆژگارێک من لای خۆمەوە دادگاییکردنی سەددامم بەکۆتایی مەرگی کولتوورێکی چارەگران، کەکولتووری عەرەبی شۆڤێنزمە زانیبێت و لەوتارێکدا ناساندبێتم.* دواجار لەسێدارەدانی سەددام ناچاری پاشەکشێ و داوای لێبوردنم دەکات. ئاخر مەرگی ئێستای ئەم پیاوە، جیا لەبن پێنانی ماف و بەهەدەرچوونی خوێنی بێی گوناه و بێی تاوانانی کیمیاباران و ئەنفالکراوەکانی کورد و سوکایەتی بەسوتماکی خاکی کوردستان و قڕکردنی دانیشتوانەکەی،شێوازی لەسێدارەدانیشی بەزایەڵەو بەخشەرەوەی بەردەوامبوونی هەمان کولتوور لەبەرگێکی نوێیدا ((بەڵام ترسناکتر)) دەگەیەنێت .

لەڕاستیدا من وای بۆچووبووم، هەروەک چۆن دەستگیرکردنە شەرمەزارییەکەی سەددام، لەکولانەێکی ژێرخاکی تەنگدا،بەبێی هیچ بەرگرییەک، بەو هەموو دۆڕانە شەرم هێنە و شێواویەکانی قۆناغە بەرایەکانی دادگاییەکانی، سەددامی وەکو خۆی پێناساندین و ئەو بڕوایەی لای من درستکردبوو: کە بۆ دواجار وەکو قۆناغە دژبەیەکەکانی ژیانی سەددام، وەهمی شانازییە درۆییەکانی ئەم دیکتاتۆرە ملهوڕە لەشەقامی عەرەبی ڕەواندبێتەوە، هەربۆیە لەوتارەکەی ساڵی (2005)مدا بەشانازییەوە باسم لەوە کردووە، نەمدەزانی بەو ڕیسوایەی شیعەکان بۆ لەسێدارەدانی سەددام خوڵقاندییان، بەداخەوە جارێکی تر ... ئەو خوێنخۆرە لەدەجاڵەوە دەکەنەوە بە ئەفسانەو، ناخی شەقامی شۆڤێنزمی عەرەبی جارێکی تر بەگوڕ پێدەجووڵێنن؟!

پێموایە دەوڵەتی عێراقی بەناو نوێی(ئەگەر ئەو عێراقە بتوانێت چیتر لەسەر پێی خۆی بوەستێت و بەیەکجاری لەبەریەک هەڵنەوەشێت، هەڵبەت بەهیوام کۆتایی سەددام، کۆتایی بە تارمایەکانی ئەم دەوڵەتە بێنێ) ناتوانێی چیتر پڕوپاگەندەی سەربەخۆی بڕیار بەبێی هەیمەنەیەکی ڕاستەقینە و ترسناکی شیعە بۆخوی بکات. حکوومەت و دەوڵەت لەبارێکی تەواو شێواوی وەکو ئەمڕۆی وڵاتدا، کەخوێن و گۆشتی خەڵکە بێی تاوانەکانی لەشیعە و سوننە، کورد و عەرەب، موسڵمان و مەسیحی، تێکەڵی بنمیچی خانوو و باڵەخانەکان و دارو بەرد و ئاسنی بازاڕ و شوێنە گشتییەکان دەکرێ و چەند بستۆکێک دوور لەباڵەخانەی حکوومەت، بەدڕەندایەترین شێوە بێی گوناهترین مرۆڤەکان سەردەبڕێن و هەندێک جاریش گۆشتی سەبراوە بێی تاوانەکان، بەکاڵی و بەکوڵێنراوی دەرخواردی زیندوەکان دەدرێن. حکوومەت لەجیاتی بەئاڕاستەبردنی ڕووداوکان بۆ ئاڕاستەیەکی دیکە، بەداخەوە خۆی بەیەکجاری دەبێتە میلیشیا و بەشانازییەوە پڕوپاگەندەی بۆ دەکات.

2007/1/3

*ئیبراهیم ئیسماعیل عەباس– ڕوانین و گۆشەنیگایەک بۆ ژیانی سیاسی و دادگاییکردنی سەددام/ ڕۆژنامەی خەبات/ ژمارە(2005) بەرواری 2005/12/18